## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی(١)ی ماددەی (١٠)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق)ی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوەو بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق کردوویەتی لە دانیشتنی ژمارە(١٢)لە رۆژی(١٧/١٠/٢٠٠٧) بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە( ٢٥ )ی ساڵی / ٢٠٠٧**

**یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی خانووبەرە**

**ژمارە ١٦٢ای ساڵی ١٩٥٩ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم:** کارکردن بە ماددەی (٢) لە یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (١٦٢)ی ساڵی ١٩٥٩ دەوەستێنرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

١- ڕێژەی (١٠٪) لە دەستکەوتی ساڵانەی هەر خانووبەرەیەك وەك خەرجی پاراستن وچاککردنەوە پێش حیسیب کردنی باجەکە دادەشکێنرێ.

٢- باجێکی سەرەکی کە چەندییەکەی (١٠٪) یە لە دەستکەوتی ساڵانەی هەموو خانووبەرەکان فەرز دەکرێ و وەردەگیرێ دوای داشکاندنی ئەوەی لە بڕگە(١)ی سەرەوەدا هاتووە.

**دووەم:** بڕگەیەك دەخرێتە پاڵ ماددە(٤) لە یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە(١٦٢)ی ساڵی ١٩٥٩، بڕگەی (٣) دووبارە:

(٣)دووبارە- تەلاری نیشتەجێ بوون و بازرگانی کە بە زیاتر لە سێ نهۆم دروست دەکرێن جگە لە (ژێرزەمین) لە باجی سەرەکی بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە مێژووی تەواوبوونی دروستکردنیەوە کە لیژنەی خەمڵاندن دایدەنێ دەبوردرێن.

رێکەوتی

٢- باجی سەرەرایی کۆدەکرێتەوە لەنیوەی یەکەم لەساڵی دارایی دواتر بۆ ئەو ساڵەی باجەکەی تێدا بەدەست هاتووە وپێ سپێردراو مافی ئەوەی هەیە ئەم باجە بدات لەشوێنی نیشتەجێ بوونی یان لەشوێنی کارەکەی یان لەو پارێزگایەی کەزۆربەی موڵکی خانووبەرەکانی تێیدایە.

## ماددەی بیست و دووهەم

١-أ- ئەگەر باجی بنەڕەتی نەدرێت لەماوەی ساڵی دارایی (١٠%)ی دەخرێتە سەر لەبڕەکەی لەبارەی هەموو ساڵێك یان بەشێك لەوە کەزیاتر بێت لەنیو ساڵ .

ب- هەڵوەشاوەتەوە - بە گوێرەی فەرمانی ژمارە (٨٤) ی ساڵی( ٢٠٠٤ ) کە لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان (هەڵوەشاوە ) دەرچووە .

ج- وەزیر یان ئەوەی دەسەڵاتی پێ ئەدات بۆی هەیە پێ سپێردراو ببورێت لەگوژمەی سەرەرایی هەمووی یان بەشێکی ، وگێڕانەوەی ئەگەر هاتوو درابوو ئەگەر باوەڕی هات کەپێ سپێردراو دواکەوتووە لەپێدان لەبەر بەهانەیەکی ڕەوا .

٢- دەکرێت باجی شایستە بکرێتە جوون بەجوونی مانگانە کەڕێك دەکەوێت لەسەری لەگەڵ دەسەڵاتی دارایی ولەکاتی دواکەوتنی پێ سپێردراو لەدانی یەکێك لەجوونە شایستەکە لەماوەی مانگێك لەڕێککەوتنی شایستە بوونیەوە ئەوە سەرجەم جوونەکان شایستەی بەجێ هێنان دەبن بەبێ پێویست بوون بە گەف.

## ماددەی بیست و سێهەم

باج کۆدەکرێتەوە بەپێی یاسای کۆکردنەوەی قەرزی حکومی دەستەبەرکراو ، وەباج بەقەرز دادەنرێت لەسەر خاوەنداری خانووبەرەکان بەدەستەبەری موڵکی خانووبەرە .

## ماددەی بیست و چوارەم

سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەت لەسەریانە هیچ مامەڵەیەك لەسەر خانووبەرە نەکەن ئەگەر دڵنیا نەبن لەوەی کەباجی خەمڵێندراو لەسەر پێ سپێردراو بەتەواوتی دراوە جا شایستە بێت یان بەدی هاتوو وشایستەی کردنەجوون نەبێت.

## ماددەی بیست و پێنجەم

وەزیر یان ئەوەی دەسەڵاتی پێ ئەدات بۆی هەیە داوا لەکرێگرتە بکات ئەگەر هاتوو کەسێك یان دامەزراوەیەکی فەرمی یان نیمچە فەرمی بێت باجی شایستەی سەر ئەو خانووبەرەیە دابشکێنێت کەلەلایەن ئەوەوە بەکرێگیراوە بەڕێژەیەك کەمتر نەبێت لەڕێژەی باجی بنەڕەتی لەجیاتی ئەو کرێیەی کە پێویستە بدرێت بەبەکرێدەر وڕادەستی فەرمانگەکانی دارایی تایبەت مەندی بکات